
# گەنج و نەمانی ئینتما بۆ نیشتمانەکەی



**ڕێباز قانع ئاڵانەیی**
rebazalany@gmail.com

دەمەوێت لە سەرەتای نووسینەکەم بە وتەیەکی (مەریوان وریا قانیع)ەوە دەستپێبکەم کە دەڵێت "نیشتمان هەرئەوە نییە کەوا تاك بەرێکەوت لەوێدا لەدایك ببێتو هەرلەوێشدا بژییێتو ڕەنگبێتو هەرلەوێشدا بمرێتو بنێژرێت، بەڵکو دەبێت نیشتمان ژیانی ئینسانەکان خۆشترو بەختەوەرترو ئینسانی تر بکات"

ئەوەی دەمەوێت لێرەوە بیوروژێنم نەمانی ئینتمانی گەنجەکانمانە بەرامبەر نیشتمان، لێرەوە من خۆیشم وەکو گەنجێك بەدەرناکەم لەم قەیرانە(نەمانی ئینتما) لای هەمووومان ڕوونە کۆچکردنی بەردەوامی نەوەکان بۆ وڵاتانی خەڵکانی دیکە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ ئەم مەسەلەیە، لەڕاستیدا ئەوەشیان کارێکی قورسە، چونکە تۆ کاتێك نیشتمان جێ دەهێڵیت، ئەمە خۆی لەخۆیدا گەڕانە بەدوای بەختەوەری و لەنیشتمان هەڵدێیت کە بەڕای تۆ لێوان لێوە لە نائومێدی ئەگینا تاکو ئێستا نەمانزانیوە کەسێك هیچ کێشەیەکی نەبووبێت و پەنای بۆ بەر کۆچ بردبێت، هەرچەندە لەو نیشتمانەی کۆچەر ڕووی تێدەکات جیاوازیەکی تەواو لە ڕووی کلتور و ڕەگەز و ئاین و ئەتنەوە ئامادەیە و پێچەوانەی کلتور و ئاین و ئەتنی ڕەسەنی ئەو تاکەیە، لەپاڵ کۆچی هەرتاکێك کۆمەڵێك هۆکار و کێشەهەن کە بەردەوام خۆیان نمایش دەکەن، بەدیدی من گرنگترین هۆکارەکانیش ئەمانەن کە دەبنە هۆی هاندانی تاك یان گەنج بۆ کۆچکردن لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژ ئاوا، بەنموونە" نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، کە هەمیشە لەنێو خەیاڵدانی زۆربەی گەنجانی ئێمە پەنگی خواردۆتەوە و ئامادەیە، گەندەڵی هۆکارێکی ترە، بێ کاری، نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوون و ململانێی حزبی لەسەر ئەساسێکی وا کە گەنج ناچار بە کۆچ بکات.. ... هتد کەدەبنە هۆی ئاوارەبوونی تووێژی گەنج لەکەسانی تری وڵاتەکەی و گەڕان بەدوای بەختەوەری و خۆشگوزەرانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئەمانەش هەموویان بوونیان هەیە لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی.

سەرەڕای هۆکارەکان تاکی ڕۆژهەڵاتی لە ڕۆژئاوا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەو گرێی دەروونی و دڵتەنگی دەبێتەوە، وێڕای جێهێشتنی نیشتمانی دایك کە کارێکی زۆر ئەستەمە، ڕاهاتن و تێکەڵبوون بەکلتورێك جیاواز لە کلتوری ڕەسەنی خۆی سەختتر و قورسترە جگە لەبوونی چەندان ڕێگرو ململانێی ڕەمزیو فیکریو ئاینی بەتایبەتی لەلایەن هێزە ڕاستڕەوە پەرگیرەکانی ئەوروپا کە زیاتر بەرگری لە ڕەسەنایەتی نەتەوە و تاكو کلتوری خۆیان دەکەن، ئەمەو هەڵاواردنو ڕاسیزم جۆرێکی ترن لە کێشە گەورەکان، بێگومان ئەو کێشانە وا لە خەیاڵی گەنج یان تاك دەکەن هەمیشە لە پەناهەندەییدا خۆیان وەك میوانێکی بێ وڵاتو نابەجێ سەیر بکەنو سەرەڕای هەموو ئەو کێشانەی باسکردن کێشەیەکیتر هەیە، ئەویش وەرنەگرتنی کۆچەرەکانە وەکو پەنابەری سیاسی ,تەنانەت ئینسانیش,کە ئەمەشیان کارەساتێکی ترە، چونکە گەنج یان لاو لە ڕێگای خەرجکردنی پارەیەکی زۆر ناتوانێت لەوێدا پەرە بە خوێندنەکەی بدات, جگە لەوەش ناتوانێت وەك کرێکارێك کار بکات لە کۆمپانیایەك یان کارگەیەك، بەمەش کاردانەوەی نێگەتیڤی دروستکردووە لەسەر دەروونی ئەو تاکەو کەوتنەوەی دەرەنجامی خراپ وەك (خۆکوشتن،خۆ هەڵواسین، گۆڕینی ئاینو....هتد)، بەڕای من بەرپرسی یەکەم دەسەڵاتە لە کۆی ئەو هۆکارو کێشانەی ڕووبەڕووی گەنجی کوردی دەبنەوە، بەرپرسە لە نەمانی ئینتیمای گەنج بۆ نیشتیمان، کە دەڵێم گەنج نکوڵی لەوە ناکرێت توێژێکی گرنگی کۆمەڵگایە، گەنجە هەوێنی گۆڕان، گەنجە هێزی کار، بەرگری...هتد لەهەر وڵاتێکدا، بەڵام بەداخەوە گەنجانی ئێمە بێبەشن لە کەمترینو سەرەتاییترین ماف، دیسانەوە بە نموونە لەسەدا پەنجای گەنجانمان پاسپۆرتی(G) یان نییە، هەموو ئەوانەی کە باسکران مشتێکن لە خەروارێك بۆیە تا ڕاددەیەك گەنجان نا هەق نین سەبارەت بە لەدەستدانی ئینتیمایان، هیوادارین دەسەڵات بتوانێت تواناکانی گەنجان بخاتە گەڕو سوود لە هێزە ونبووەکەی گەنجان وەربگرێت و بەشداریان پێ بکات لە دەسەڵاتی سیاسی و حکومی.